ئاسەوارەکانی ژیانی کشت و کاڵییە لەسەر گۆی زەویی.

لە تەپۆڵکەی «کیان» لە نێزیک شاری «نەهاوەند»، پاش پشکنینەکانی سەدساڵی رابوردوو، ئاشکرابووە، ژیانی پێشکەوتووی کشت و کاڵی لە هەزارەکانی شەشەم و پێنجەمی پێش زاین، لەگۆڕێدابووە.

لە مەڵبەندی «زاگرۆس» کە کرماشان دەگرێتەوە، پێش هاتنی «مادەکان»، کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە، نیشتەجێ بوون کە بڕێکیان دەناسین و لە هێندێکیشیان ئاگادار نین. بەپێی بەردەنووس و لۆحەکانی بابلی، ئاشووری، ئیلامی، لۆلۆیی، گۆتی، کاسی، هوری، مانایی، نایری، سۆباری، کاردۆخی، ئامادرا و پارسوا، لەسەردەمی جیاوازدا لەو کوێستانانەدا ژیاون. لەوسەردەمانەدا لۆلۆییەکان بەشێکی بەرین لە نێوچەکە (دیالە تا نێوچەی ورمێ) و جار جار ئەولاتریشیان داگیرکردووە و دەسەڵاتیان نواندووە. بەردەنووسی «ئانو بانی نی» لە «سەرپێڵی زەهاو»، بیرەوەری ئەو سەردەم و دەسەڵاتەیە کە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە.

**«کاسی» یەکان کە ئاسەواری بڕوای ئاینی و دەستکردەکانیان لە هەورامان و هەرسین (کرماشان) نکوولی ناکرێ لێی و، پاشتر لە بەشەناوەندییەکانی زاگرۆس کە ئێستا لۆڕستانی پێدەوترێ، هەروەها لە لێوارەکانی چۆمی «دیالە» (سیروان) ژیاون، مێژوویان بۆ دووهەزارساڵ پێش زاین مەزەندە کراوە.**

لە هەزارەی چوارەمی پێش زاین، یەکەمین گرووپی گەڕۆکەکان کە نێوچەی «زاگرۆس» یان داگیرکرد - ئەوانە بوون کە مێژووناسان بە «ئازیانیک» ناویان بردوون و لە باشووری رووسەوە هاتوون. لە هەزارەی سێی پێش زاین، کۆڕەوێکی دیکە لە نێوچەکانی ساردی نێوەندی کیشوەری «ئاسیا» وە دەستیپێکرد و رووی لەلای زاگرۆس نا. ئەوانە لەگەڵ دانیشتووانی ئەم مەڵبەندە (زاگرۆس) بەرەوڕوو بوون. لە ئاکامدا هێرشبەر و بەرهەڵستکار تێکەڵ بەیەک بوون و بەجۆرێک لەسەر دابەشکردنی ئاو و رۆبارەکان رێککەوتن. ئەم هێرشبردنە لە مێژوودا بە هێرشی «گۆتی» و «کاسی» ناسراوە. دوایین گروپ کەلە هەزارەی پێش زایندا لە «سیبری» یەوە بەرەو زاگرۆس کۆچیان کردووە، ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە مێژووناسان بە «هێند و ئێرانی» (ئاریایی) نێویان دەبەن. مادەکان و پارسەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زایندا گەیشتوونەتە زاگرۆس. دەبێ ئەوە زیاد بکەین کە پێش هاتنی ئەوان، خەڵکی دیکە هەر لە بنەچەی ئەم رەگەزانە هاتوونەتە ئەم نێوچەیە. چۆنکە لە ئاخاوتنی «کاسی» و «میتانی» دا ناو و وشەی هێندوئوروپایی زۆر بەرچاو دەکەوێ - وەک «شا» و «خوا» و «کانیان.

سەلمانسەری سێیەم پادشای ئاشوور کە بەرەو زاگرۆس لەشکرکێشی کردووە، یەکەم جار لەساڵی ٨٤٤ ی پێش زاین، باسی پارسەکان دەکا و لە ٨٣٦ نێوی مادەکان دێنێ.

بەپێی نووسراوەی ئاشوورییەکان، مادەکان لەوسەردەمەدا لە باشووری رۆژهەڵاتی گۆمی ورمێ و نێوچەکانی سەقز تا نێزیک هەمەدان بوون و پارسەکان، لە رۆژاوا و باشووری نێوچەی مادەکاندا دەژیان. لقێک لە مادەکان بەرەو «ئەسفەهان» شۆڕبوونەوە کە بەهۆی ئیلامییەکانەوە پێش گیرالێیان.

پارسەکانیش لەسەردەمی هەشتەمی پێش زاین، نێوچەکانی باکووری رۆژاوای ئێرانیان بەجێهێشتووە و، لەدرێژایی بەرزاییەکانی زاگرۆس دا بەرەو باشووری رۆژهەڵات هاتوون. وێدەچێ بەرلەسەدەی حەوتی پێش زاین لەنێوچەی کوێستانی بەختیاری و رۆژهەڵاتی «شووشتەر» نیشتەجێ بووبێتن. ئەم شوێنە بە «پارسوا» ش نێوبانگی دەرکردووە و لە ساڵنامەکانی ئاشووریدا گەلەک جار نێوی هێنراوە.

یەکەم پادشای ماد نێوی "فرەوەرتیش" بووە کە «هردوت - مێژوونوودی گەورەی یۆنان» بە (فرەورتێس) و ئاشوورییەکانیش بە (کشتارتیی) نێوی دەبەن. هرودوت دەنووسێ: «فرەوەرتێش پارسەکانی ژێردەستی دەوڵەتی ماد کرد». ئەمر حەدوون پادشای ئاشوور لەو بەردە نووسەدا کە بۆ خودای رۆژی نووسیوە، دەڵێ ساڵی ٦٧٠ ی پێش زاین، کشتارتیی (فرەوەرتێش) لەشکری بردووەتە پارسوا و حاکمی ئەوێ کە نێوی (چیش پیش) بووە، سەری دانواندووە بۆی.

بەهاتنی کورۆشی هەخامەنشی لەساڵی ٥٥٩ ی پێش زاین، دەوڵەتی ماد رووخا و، وەک دووهەمین ساتراپ نشین لەژێردەسەڵاتی هەخامەنشییەکاندا درێژەی بە ژیانی خۆی دا.

جێی خۆیەتی پێش کۆتایی سەرەتای ئەم کورتەباسە، چۆنێتیی نێودێرکردنی زاگرۆس بەکورتی بخرێتە پێش چاوی خوێنەر کە پێوەندیی بە رەگەزی ماد و بەشێک لە تیرەکانی ئەم رەگەزەوە هەیە!

هرودوت دەنووسێ: «مادەکان پێنج هۆز و تایفە بوون، لەوانە یەکیان بەناوی «ئاستروخانیان» کە بەمانای «ماڵی قایە» دەناسرێ. ئەمانە هەر ئەو تیرەیەن کە «داریووش - شای هەخامەنشی» بە «زاگارتی» نێویان دێنێ کە لەزمانی مادی دا بە بەردتاش ناسراوە. نێوەندی ئەم تیرەیە شاری «ئەربل» (هەولێر) بووە.

پاش کودەتای داریووش لە گۆمار و کوژرانی گۆمار (کە پاشتر باسدەکرێ)،